# وتاریکورد " لەگەڵ دکتۆر کەمال میراودەلی دا

**دکتۆرکەمال میراودەلی : گۆڕان ئاشکرا ئایدیۆلۆجی [ سۆشیال دیمۆکراتی لیبرالی ] هەبوو کە ناوەرۆکەکەی داپەروەریی کۆمەڵایەتیی و ستراتیجییەکەی پشتگیریی کۆمەڵگای مەدەنیی و رەخنەو بیرو رای ئازاد بوو .**

دایەلۆگێکی قووڵ و فراوان دەربارەی رەوش و رووداوەکانی کوردستان لە ٢٠١٣ ەوە بۆ ٢٠١٤

تەوەری یەکەم : شیکردنەوەی 'شانۆگەرییەکەی ناو هۆلی سەعد عەبدوڵلا'

بـەشی سێیـەم /

وتاری کورد: سڕینەوەی بیرەوەری حەتمەن سڕینەوەی ئێستاو ئایندەشی بە دوادا دێت ، بە و پێیەی ئێستا پرۆسەی بەردەوامی رابردوو و بەردەوامی زەمەنییە بۆ ئایندە . بەم پێیە بێت سڕینەوەی بیرەوەری و داخستن و فرامۆشکردنی دنیای دەرەوەی هۆڵەکە کاریگەری نێگەتیڤی بەردەوامی بۆ پاشەرۆژی گۆران و بزوتنەوەی گۆڕین و ئۆپۆزیسۆن لە باشوورو ژیانی خەڵک لە تەواوی کوردستاندا دەبێت .. ئایا هەر لە ئێستاوە ئەم کاریگەرییە ئاشکرا نییە؟ ئەوە سەد رۆژ زیاتر بەسەر هەڵبژاردندا تێدەپەڕێ ، هەرێم لە بۆشاییەکی بێبنی دەستووریی و یاسایی و سیاسییدا دەژی، سەرۆکی هەرێمی ئێکسپایەر ، حکومەتی ئێکسپایەر ، پەرلەمانی هەلبژێردراو بەلام زەلیل و خەسیوو بێدەسەلات تاکە کاری مووچەخۆرییە ، کوشتن و خۆکوشتنی ژنان و گەنجان بەردەوامە ، تیرۆری دەسەلات بە تایبەتی لە ناوچەی سلێمانی لە هەڵکشاندایە، لە کەرکوک پارتی بە ئاشکرا دژایەتی پارێزگار و یەکێتی کورد دەکات و ... هتد . ئەم ولاتە بێ دەستوور ، بێ یاسا ، بێ ئۆپۆزسیۆن بۆ کوێ دەڕوا ؟

د. کەمال : جارێ سڕینەوەی بیرەوەری نەک تەنیا سڕینەوەی بیرەوەری خەلک و ئەندامانی گۆڕان دەگەیەنیت ، سڕینەوەی بیرەوەری و مێژووی گۆڕان خۆشی دەگەیەنێت : هەر نەبێ لە قۆناغی کۆمپانیای وشەدا [ کو ] ، گەر بە تاکتیک و دیماگۆگێش بێت ، [ کو ] باسی کێشەکانی خەلکی وەک سیستم

دەکرد ، باسی [ ئێمەو ئەوان ] ی دەکردو هەولی دەدا جیاوازی تەواو لە نێوان بەرەی خۆی وەک بەرەی ناو خەلک و بەرەی دەسەلاتدا بکات ، باسی دەستوورییکردن و موئەسسەساتیکردن و شەرعییەت و دژایەتی بنەماڵەچێتیی دەکرد ..

بە ئاشکرا ئایدیۆلۆجی هەبوو ، ئایدیۆلۆجییەکەی وەک [ سۆشیال دیمۆکراتیکی لیبرالی ] دەردەکەوت کە جەوهەرەکەی و ناوەرۆکەکەی دادپەروەریی کۆمەلایەتیی وستراتیجەکەی ڕێزگرتن وپشتگیرییکۆمەڵگای مەدەنیی و ئازادیی بیرو ڕاورەخنەگرتن بوو نەک تەنیا بۆ [ کو ] خۆی بەلکو بۆ خەلک هەمووی ، بۆ ڕووناکبیران و گەنجان ، نەک تەنیا وەک قسەو دیماگۆگیی و یاریکردن بە عاتیفەو ئازاری خەلک ، بەڵکو وەک هیزێک بۆ گۆڕین ، وەک خۆقایمکردن لە شەقامداو پشتبەستن بە خەلک و کارکردن بۆ خەلک .

هاواری ( دەیگۆڕین ) لە سەهۆڵەکەدا چاوگەی هیوای نەوەیەک بوو بەوەی لە ڕێگای گۆڕانەوە بە عەدالەت بگا ، گەنجان ژیانیان بە حەسرەت و داخەوە بەسەر نەبەن ، جیاوازیی دەوڵەمەندایەتی ناڕەوا ، کۆمەڵ و ئەخلاقی کۆمەلگایی دانەڕزێنێت ، کەسێک قۆندەرەی زێڕ بۆ ژنەکەی بکرێ و کەسێکی تریش ژنەکانی ناچار بکات بۆ خاتری ژیان لەشفرۆشی بکەن و دوایی کابرا سزا بدرێت [ وەک ئەو کەیسەی دهۆک ] http://www.xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=79777&Jor=1

لە جیاتی سزادان و ژێرپێدانی ئەو دەسەلاتەی خۆی دزیی و داگیرکاریی و گەوادیی دروستدەکات http://www.xendan.org/dreja.aspx?Jmara=79641&Jor=1

یان سەدان لەبەر شەرم و تەریقی نەتوانن باسی هەژاری خۆیان بکەن و خۆ بکوژن یان بیر لە خۆکوشتن بکەنەوە . http://knnc.net/Programdetail-1455-48

یان لە جیاتی شێلتەرو پاراستنی یاسا و دەرکەوتنی بەهێزیی رەنگ و روخسارو دەنگ و دەوری ژنان ، ژنان لە کۆمەلگاو ژیاندا پەراوێز بخرێن ، ژنانی ژێر هەڕەشەی کوشتن جار لە دوای جار تەسلیمی بکوژان بکرێنەوە . http://warvin.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=2860&Jor=9

ئەمانەو سەدان سەدان نموونەی تاوانکاری دەرهەق خەڵک و ئینسان ونیشتیمان ڕۆژانە دووبارەو چەند جارە دەبنەوە .

ئامانجی گۆڕان  قبوڵکردن و موساوەمەکردن و شەریکایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی گەندەڵییدا نەبوو ، بەڵکو گۆڕینی دەسەڵاتی گەندەڵی یان هەر نەبێت چاکسازیی بوو بە شێوەیەکی رادیکالی و بە قازانجی خەڵک . گەر وا نەبێت ناوی گۆڕان وگۆڕانخواز ، وەک وشەکانی پەرلەمان ، دیمۆکراسی ، حکومەت ، داگا ، یاساو ... هتد . لە بێمانا کردنی ئەو وشە کوردییانەش زیاتر نییە .

نەک تەنیا باسکردنی ئەم رابردووە ، بەلکو شیکردنەوەی یەک بە یەکی  قۆناغەکان و هەڵەکان و لادانەکان لە روانگەیەکی رەخنەیی رادیکالییەوە ، لە دەرەوەو ناوەوەو پێش و پاش کۆنگرەکە پێویست بوو .

گەر پەیام گۆڕین بوو ، نەک گۆڕان وەک حیزبێکی تر، چۆن دەبێ ئەوانەی خوێنی خۆیان بەخشی بۆ گۆڕینی ئەم سیستمە دادکوژو مرۆڤکوژە ،  گەورەترین ئامادەییان لە پرۆسەی گۆڕاندا ، پێش کۆنگرەو لە ناو کۆنگرەو دوای کۆنگرە نەبێت . چۆن دەبێ کەسوکاری شەهیدانی ١٧ ی شوبات دەنگیان نەبیت؟ چۆن دەبێ دایکی گەرمیان ، باوکی سوورکێو ، کەسوکاری سۆران وسەردەشت و کاوە ، رەنگ و دەنگیان نەبێت ؟

چۆن دەبێت رووداوەکانی ١٧ ی شوبات و هەلسەنگاندیان ناوەرۆکی ئەجنداو باسەکان نەبیت؟

گەر دەنگدەران دروستکەری گۆڕان بن ، کە وایە، چۆن دەبێ هاوارو هیواو رەخنەی دەنگدەران لە هۆلەکەدا دەنگ نەداتەوە ؟

چۆن دەبێ گەنجانی کفری و کەلار ، رانیەو قەلادزە ، سەید سادق وهەلەبجە ، دەربەندیخان ، دهۆک ، ئاکری ، سۆران ، چۆمان ... هتد . هەموو نەتوانن بە دەنگ و رەنگی خۆیان کێشەکانی ناوچەکان و مرۆڤەکانیان بکەنە ئەجندای کۆنگرە ؟

بۆیە بێگومان سڕینەوەی رابردوو ،  لەباربردنی ئێستا و بیدەنگکردنی ئایندەشە .

بە چوار سەعات دایەلۆگی پانتۆمایمی  نێوان هەزارو ئەوەندە ئەکتەر ، دەبێ  ئێستا ئیلغا بکرێت ،  وەک باسیش دەکرێ ، بۆ چوار سالی داهاتووش  قفڵ بۆ زمانیان دروست کەن .

واتە مەترسی ئەوە هەیە رەچێتەکانی کۆنگرە ببنە نوشتەیەکی سیحری بە دەست دەسەڵاتخوازانەوە بۆ بیدەنگکردنی گۆڕانخوازان ، بۆ لاڵکردنی هەر زمانێ لە دوعاکانی ناویان دەرچێت ، سڕکردنی هەر میشکێک بوێرێ جیاواز بیر بکاتەوەو رەخنە لە دەسەلاتی کوردیی داگیرکاریی فاشیی بگرێت .

واتە گۆڕینی گۆڕان بۆ دەسەلاتەوان و پەروایزکردنی دەنگدەران .

گۆڕینی گۆڕانخواز  بۆ دەسەڵاتخواز و فرامۆشکردنی گۆڕانخوازان .

بێگومان بە هیچ جۆرێ مەبەستم ئەوە نییە کە نابێ گۆڕان بەشداری دەسەلات بکا، ئەمە دواتر زیاتر روون دەکەمەوە: بەلام  بۆ؟ چۆن ؟

ئەمە شتێکی سەیرە بۆ کۆمپانیایەک باوەڕی بە ئایدیۆلۆجی نییە ، و گوایە ئایدیۆلۆجی نییە، کەچی شانۆگەرییەکی   دوو رۆژیی بۆ بڕیاردانی کۆمەڵە ئایدیایەک رێکدەخات ، ئەنجامی کۆی- ئایدیاکان ئەوەیە کە نابێ ئایدیا هەبێت ، یان گەر بە قاچاغی سەری هەڵدا نابێت تا چوارساڵی دی دەنگی لێوەبێت !

بێگومان گەر ئەمە تەنیا سیاسەت و ستراتیج و ئایدیۆلۆجی حیزبێک بێ بۆ خۆی و کاریگەری سیاسیی ئەوەندە گەورەو شێوێنەرو رووخێنەری لە سەر پرۆسە سیاسییەکانی کوردستان وکۆمەلگای کوردیی نە بایە، من ئاوا بە تەنگەوە نە دەهاتم .

بەلاڕێدابردن و بەتاڵکردنەوەی گۆڕان لە ئایدیاو دینامیکی گۆڕینی خەڵکخواز و دادخواز و یەکسانییخواز ، مانای بەهەدەردانی هیواو رەنج و پاشەرۆژی نەوەکانمانە . ئەمە راستە کە لە ئێستاوە دەرەنجامە سەلبیی و زیانییەکان بە زەقی لە کاردان

لە چ [ ئێستا ] یەکی پڕ کارەسات و خەتەرناکدا هەولی [ بێدەنگکردنی  ئێستا ] و [ سەقەتکردنی ئایندە ] دەدرێت؟

بۆ کەس بیر ناکاتەوە ، بۆ کەس نەینووسی، بۆ ئەو هەموو شیکارو شیتاڵ و چاودێرو پسپۆرە سیاسییە شتێکییان لە هەرە ئاشکراکان نەشەکراند .

جگە لەو هەموو رووداو پرس و کێشەو سیستمگەرییە ستەمگەرییە کوشندەی پێشتر لیستمان کردن، تەنیا چەند نموونەیەکی زەق و رەق :

١. لەحزەی شانۆگەرییەکەی هۆلی سەعد ئیبراهیم لەحزەی ترۆپک و لوتکەی هەرەسهێنانی شەرعییەتی سیاسیی و فەراغی دەستووریی و یاسایی و سیاسیی وئەمنیی و ئەخلاقییە لە بەربەرستانی هەرێمدا. لە چ ولاتێکدا سەرۆکایەتی بە فشە دوو ساڵ درێژدەکرێتەوە؟ بە پێی چ دەستوورێک ئەمە کرا، کێ کردی ، بۆ ؟ ئەی خۆی بۆ قبووڵی کرد ؟

٢. کەچی تەزویرە - سەرۆکی ئێکسپایەری ناشەرعی وەک والییەکی ئالی عوسمان ، بانگ دەکرێ بۆ ئەنقەرە، کۆنتراکتی نەوت و غازو خوا دەزانێ چی ئیمزا دەکات ، پێش چوونی بەیان دژی خۆراوا دەردەکات ، ئیهانەی خوێن و خەباتی گەلەکەی دەکات ، پیلان دژی شۆڕشگێڕەکانی دەگێرێت ، ڕێگەی هاتنی سەرۆکە تازە-کوڕ- شەهیدبووەکەی بۆ لایەکی تری ولاتی خۆی دەگرێت ، لەگەڵ قاعیدەدا هاوکاری دەکات ، گەمارۆی ئینسانی و ئابووریی دادەنێت ، کۆنگرەی نەتەوەیی دەکاتە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی سیاسەت وحیزبە کارتۆنییەکانی ئەم لاو ئەو لا ... هتد ، بەرانبەر هیچ بەشەریکیش لەم باشوورەداو لە کوردستانی مەزندا بەرپرسیار نییە، بەرەو رووی یەک تاکە پرسیاری راستەوخۆ یان راستەوخۆ نەبۆتەوەو نابێتەوە؟ لە فەیسبووکەکەیەوە پەیام بلاو دەکاتەوە [یان گەر زۆر مەرحەمەت بنوێنێت لە سایتی سەرۆکایەتییەکەیەوە]، وەک هەر گەنجێکی بێکار کە شەو درەنگ لە بێئیشی وبێتاقەتیدا پۆستێک بۆ هاورێیانی دادەنێت، ئاوا سەرنج و بۆچوون و هیواخوازیی فەخامەتی خۆی بۆ خەلک بە چەند وشەیەکی هەزیلی بۆش و بێ تام، دەردەبڕێت !

سەرۆکێکە عەرش و قورشی ئەم ولاتەی قۆرخکردووە، سەرئەرزو وبنزەوی نەماوە بنەمالەو مافیاکانی حیزبەکەی و بنەماڵەو مافیای حیزبە هاوپەیمانەکەی داگیری نەکەن، پیسترین و گلاوترین سیستمی دزیی وبێدادیی و داگیرکاریی و داوێنپیسیی و دارڕزاندنی نیشتمان و وێرانکردنی ئینسانی دروست کردووە، کەچی لە فەیسبووکەوە هەلاوو بای بای لە خەلکی ولاتە داگیرکراوەکەی دەکات. کوا دەستوور، کوا پەرلەمان ، کوا موئەسسەسات، کوا ئۆپۆزسیۆن، کوا کۆمەلگای مەدەنیی ، کوا خەلک، کوا شەقام ؟

رۆژێک نەمان بینی قسە بۆ پەرلەمان بکات و وەلامی پرسیارێک بداتەوە، قسە بۆ خەلک بکات و هاوبەشی راستەقینەی خەمێکیان بێت، بۆ رۆژنامەنووسان بدوێ و گوێ لە داوایان بگرێت ، قسە بۆ

گەنجانی غەیرە حیزبیی بکات و پێیان بڵێ: ئەم نیشتمانە هی هەمووانەو بۆ هەمووانە نەک تەنیا بۆ دە هەزار پیاوی بارزانی و پیاوەکانیان، هانیان بدات ڕەخنە بگرن و ڕەخنەکانیان قبوڵ بکات ، لە پەرلەمان یان لە ناو خەلک و بۆ خەڵک نیازو رازو ئاوازەکانی دەربڕێت، فەلسەفەی سیاسەت وحوکمی ناوخۆیی و دەرەوەیی روون بکاتەوە، وا لە خەلک بکات هەست بکەن سەرۆکیکی هەستیارو بەرپرسیارو دادیارو ڕەواداریان هەیە .

٣. حکومەت لە رووی یاسایی و سیاسیی و ئەخلاقییەوە ئێکسپایەرە و شەرعییەتی سفریشی نییە. بەپێی سەودای حیزبییش بێت [بە پێی ئەوەی پێی دەڵێن ڕێکەوتنی ستراتیجی لەگەڵ یەکێتی، دەبێ سەرەۆکوەزیران ئەم جارە بۆ یەکێتی بێت، لە کاتی کابینەی د. بەرهەمدا، هەر دوای دووساڵ ئەم ئاڵوگۆرە کرا و گۆڕان کاری زۆری بۆ ئەمە کرد.. ئێستا [ میری دزان] وەک پەشێوی شاعیر ناوی ناوە، گەر چوار سالی تریش نایاسایی بەردەوام بێت دیارە کەس باکی نییە !!]

کەچی هەروا حاکمی بێ حکومەت بە ئارەزووی خۆی بەم لاو بەولادا دەڕوا ، پارە تەخشان وپەخشان دەکا، کۆنتراکت دەبەستێ، پەیمانان ساز دەکات، یاری بە کەرامەت و چارەنووسی میللەتێک دەکات، نە پرس بە کەس دەکات نە کەس دەتوانێت پرسیاری لێ بکات، هەر وەک مامی بەرامبەر تاکە یەک پرسیاری راستەخۆ یان ناراستەوخۆ نابێتەوە، هەموو کەس وەک خزمەتکاری خۆی سەیر دەکات، ئەوەندە نەرمونیان وبەخشندەیە ئامادەیە گەندەڵخانەکەی لە ٢٠ وەزیرەوە بکاتە چل وەزیرو چل گزیریش تا هەموو لایەک قایل بکات چەند وەزیرو چەندان بەرێوەبەرو چەندان هەزار خانەنشین، ئیدی بۆ دەبێ حکومەتی گیرفانفراوانی نیشتمانیی دروست نەبێت؟ لای ئەو بەرێزە حوکم پارەیە، دەسەلات پارەیە، سیاسەت پارەیە، پێکهێنانی حکومەت پارە بەشینەوەیە، سیاسەت ولات فرۆشتنە بە بێگانە بە پارەو بۆ پارە، نەوتسازیی فرۆشتنی نەوتی نەوەکانی ئێستا وداهاتووشە بە بێ حیساب. ئابووری و پێشکەوتنی ئابووری بریتییە لە ئوتێل دروستکردن و پرۆژەی گەشتوگوزاریی بۆ هاتن وخزمەتی بێگانە، هاونیشتمانێتیی فرۆشتنی نیشتمان و کڕینی هاو-ولاتانە بە پارە !

ئەو سەدی یەکی ئەوەندەی خۆی بەرامبەر ئەردۆگان و میت بەرپرس دەزانێت، خۆی بەرامبەر پەرلەمان و خەڵکی ولاتەکەی خۆی بەرپرسیار نازانێت. کەنالی نەوتەکەی پرۆژەیەکی هاوبەشە لەگەل میت بۆ

زەمینەسازیی و ئامادەکردنی رای گشتی کورد بۆ دروستکردنی شەقبوون لە ناو پەکەکەو پیلانسازی دژی خەباتی سەرکەوتووی رۆژاوا خزمەتی بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی تورکیا.

٤. جارجارە نووسەری گوایە نەتەوەیی دەبزرکێنن نەوت دەمانکات بە نەتەوە، تورکیا دەمانکات بە تایتانیک. بە تالآنبردنی سامانی نیشتمان و نەوەکانی بە نهێنیترین وگەندەلّترین و تاوانکارترین شێواز، بە نەخشەی نەتەوەسازیی دادەنێن، هەر وەک نەتەوە لە چالە نەوتەکانەوە دەست پێ بکات نەک لە دەستوورو عەقلە نوێکانەوە .

سەیر کەن نەوت بە تانکی دەرِوا، بە بۆرِی دەرِوا، دەفرۆشرێ، شەریکاتی نەوتی ولاتان بەم ولاتە وەر بوون ، هەمووی بۆ نەوت و غازو یۆرانیۆم و ئێسک و پروسکی کورد دەگەرِێن .

کەچی ئەم هەریمە لە رووی یاسایی نێونەتەوەیی یەوە لە فشەیەک زیاتر نییە، نە دەستووری هەیە نە سنوور، بە دەستووری عێراق کە خۆی دەنگی بۆداوەو بەشداری لە دارِشتنیدا کردووە، فیدرالییە و سەر بە بەغدایە، بە دەستووری میردزان میرنشینییەو سەر بە تورکیایە. هێشتا نازانین پارەی ئەم چەند ساڵە بۆ کێ بووەو لە کوێ دانراوە، هێشتا ئەم حکومەتە نەک هەر بانکی نەتەوەیی ناسراو بە ستانداردی جیهانی نییە کە پارەی خۆی تێدا دابنێت یان هەولّبدات بانکی جیهانیی [ناتورکی، نائێرانی، نا عەرەبی] وەک بانکی سوێد، لە هەولێرو شارەکانی کوردستان هەم بۆ هەلگرتن پارەو هەم بۆ وەبەرهێنان و هەم بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بانکی و دارایی بە هاو-ولاتان بکاتەوە، ئەوەندەی من بزانم و بیستبێتم، حیسابی نەوتەکە لە بانکی HSBC

بە ناوی حیسابی شەخسی یەوەیە! بۆ کەس لەوە ناکۆڵێتەوە؟ کەس پرسیار ناکات، زانیارییەکە ساغ ناکاتەوە؟ لە لەندەن دەعوا لە سەر بە ناو حکەمەتی هەرێم تۆمار کراوە کەس نازانێ و ناپرسێ مەسەلە چییە؟ گەر سبەینێ ناکۆکییەکمان لەگەلّ تورکیا، بانکەکان، کۆمپانیایەکی جیهانی بۆ دروست بوو، بە کام یاسای نێونەتەوەیی و عێراقی یان خۆمالیی خۆمان و مافەکانمان دەپارێزین؟ ئەمانە هەموویان تەنیا لە مێشکی تاریکی گەندەلّەکان دان. هەرێم دەولەت نییە و کەس دانی پێدا نەناوە ، بۆیە سەروەریی نییە، تورکیا زۆر کەمتریش لە باکووری قوبرِسی داگیرکراوی خۆی سەیری دەکا، بە کۆلۆنییەکی خۆی دادەنێ کە لە رێگای بنەمالەکانی خۆیەوە بۆی بەرِیوە دەبردرێت .

ئێستاش حکومەتی بنەماڵە وەک گەورەترین  هەنگاو بۆ سەربەخۆیی بەز بە پشیلە دەسپێرێت، بریار دەدات پارەی نەوت بخاتە بانکێکی گەندەڵکاری مافیاکەی ئەردۆگانەوە. [بانکی خەڵک]  گەندەڵترین و گومانلێکراوترین بانکی تورکیایە، وەک یاسایەکی سەرمایەداریی، گەر ٢٠٠ ملیار دۆلاری هەرێمیش لەو بانکەدا بێت، دەتوانێ بە ناوی قەرزدان یان وەبەرهێنانەوە بە گەندەڵیی پەخشان و تەخشانی بکات ئەوسا کە تووشی قەیران بوو [ئیعلانی ئیفلاس] بکات، تەواو!!  هەموو پارەکەی هەرێم ئاو دەیبا! ئەمەیە حیکمەتی دروستکردنی دەولەت. گەندەڵیی ئەم بانکە، کە  پیوەندی بە گەندەلی هەرێمەوە هەیە، حکومەتی ئەردۆگانی هەڵتەکاند، کوڕی سێ گەورە وەزیری ئەردۆگان گیران و وەزیرەکان بە ناچاری و بە سەرشۆڕی دەستیان لە کار کێشایەوە، کوڕەکەی ئەردۆگانیش  تێوەگلا بوو. بەلام  لە پرۆسەی ٢٢ ساڵ دزیی وداگیرکاری و گەندەڵی لەم ولاتەدا تاکە پیاوێکی بنەماڵە لەکەدار نەبوو،  بەرپرسێکی بچووکیش، نەک هەر سەران و بەرپرسە زەبەلاحەکان، موحاسەبە نەکراوە و  دەرنەکراوە، گەرچی سەدان راپۆرتی گەندەلی چاودێری دارایی کۆنمان هەن و گەرچی  سەرانی هەرێم بە قوولیی لە فەزاحەتەکەی تورکیا وە تێوەگلاون.

مادام هەرێم جگە لە وابەستەیی دەستووریی بە عێراقەوە کە خەریکە تێکی بدات، هیچ قەوارەو ناسنامەیەکی دەستووریی و یاسایی نییە، تورکیا  هەر کاتێ بیەوێت زۆر بە ئاسانی دەتوانێ گێرِ بگۆرێ و جەخت بکا لە ریگەی بەغداو عێراقەوە نەبێت هیچ مامالەیەک لەگەڵ کورد ناکات، و هیچ پارەیەکیان ناداتەوە. بە دەستووری عێراق کورد ١٧% ی نەک هەر لە نەوتی فرۆشراوی کوردستاندا هەیە بەڵکو لە هی هەموو عێراق، بەلام نازانین لەو نەوتەی دەروا بۆ تورکیا یان بە قاچاغ بە تانکەر دەفرۆشرێت سەدی چەندی بۆ خەلکی کوردە؟

٥. لەم کاتە ناسکەدا کە شەری قاعیدە و سوننییە  سعودییەکان لە دیالاو توزو کەرکوک نزیک دەبێتەوەو پاراستنی یەکێتی کورد لە کەرکوک و پشتگیریی د. نەجمەددین، کە تا ئێستا باشترین و پاکترین و پرۆفێشنالترین پارێزگارو بەرپرسی کوردە، پێوسیتییەکی هەرە گەورەیە، یەکێتیی کورد لە کەرکوک تێکدەدرێ و دوژمنایەتییەکی ییێ مانای پارێزگاری بە خزمەتی کەرکوک دەکرێت، ئەمە خەتەرێکی گەورە بۆ کورد دروست دەکات و دیسانەوە هەر وەک هەلوێست بەرامبەر رۆژاواو ساڵەح

موسلیم بۆنی تیکەو لێکەو پیلانێکی تورکیی لێ دێت و ئەو راستییە دەسەلمێنێتەوە کە پارتی تەنیا سیاسەتی بنەماڵەیی هەیەو قەت سیاسەتی نەتەوەیی نەبووە و نییەو هاوپەیمان قبوڵ ناکات.

٦. مەسەلەیەکی گەورەی تری گرنگ کە لە هەر وڵاتێکی تردا بووایە پەرلەمانی دەهەژاندو پەرلەمان حکومەتی هەڵدەگێڕایەوە، ئاوا بە سانا گرتنی چوونی گەنجانی کوردە بۆ سوریاو شەرکردن لە بەرەی قاعیدە دژی کوردو کوژرانیان. بە پێی هەواڵیکی خەندان :

" مانگی رابردوو، لێپرسراوی ئاژانسی پاراستن و زانیاری هەرێمی کوردستان سەبارەت بەچوونی گەنجانی هەرێم بۆ سوریا رایگەیاند: لە ناوچەی سلێمانی و هەڵەبجە زیاتر لە 100 گەنجو لە هەولێرو بادینان زیاتر لە 60 کەسێک و لە کەرکوک و خورماتوو نزیکەی 60 بۆ 70 کەس روویان لە سوریا کردووە ...

لاهور شێخ جەنگی لێپرسراوی ئاژانسی پاراستن و زانیاری هەرێمی کوردستان لەچاوپێکەوتنێکی کوردستانی نوێدا دەڵێت: زانیاریمان هەیە کە هەموو ئەو کەسانەی بەناوی جیهادەوە چوونەتە سوریا هەموویان سەرقاڵی مەشق و راهێنان و گروپێکی تایبەتیش کە سەر بەکوردەکانی عیراقە پێکهێنراوەو لە هەموو بوارەکاندا مەشقیان پێدەکرێت.

راشیگەیند: زیاتر لە 25 کەس لەو کەسانی مەشقیان پێدەکرێت ئامادەیی خۆیان بۆ کاری خۆکوژی نیشانداوە.:

ئایا پاراستنی ژیانی گەنجانمان ئەرکی حکومت نییە؟ ئایا ئەمە شتێک نییە کە پەرلەمان لە سەری سەرۆکی حکومەت بانگ بکاو بزانرێ ئەمە چییەو چۆن روو دەدات؟ خۆ ئەوانەی دەچن نە خەلکی مەریخن نە بە ئاسماندا دەچن، هەر دەبێ بە کوردستاندا ئامادەکرابن، بە کوردستاندا تێپەڕن و بچنە تورکیا و بە رەسمی تورکیا بیاننێرێت؟ کەوایە هەم لە رێگەی پاراستنی و ئاسایشەوە هەم لە رێگەی تورکیاوە ەدبێ بزانرێ کێن و چۆن دەچن بەدواداچوونی بۆ بکرێت ؟

٧. بەڵام بەرامبەر ئەم  هەموو رووداوو کەین و بەینە خەتەرناکانەی سەرەوە، لەم کاتەدا، هیچ کاتێ هێندە پەرلەمان رەزیل و زەلیل و سووک و هیچ و پووچ وریسوا نەبووە، پەرلەمانێ نەتوانێ یەک کۆبوونەوە ئەنجام دا، سەرۆکێک، کە لە ولاتان شتێکی ئیداریی وتەشریفاتییە، بۆ خۆی هەڵبژێرێت، دەبوو ئێستا پەرلەمان لە بەر فەشەلهێنانی سەرۆکی ئێکسپایەری هەریم لە وەی بانگی یەکەم براوەو دووەم براوە بۆ پێکهێنانی حکومەت بکات، سەرۆکی هەرێمی بانگ بکردایەو دەری بکردایە، حکومەتی هەڵبوەشاندبایەوە، هەلبژاردنی نوێ بکرابەیەوە، دەبوو ، دەبوو . دەبوو .. یان گەر هەستکردنیان بە بەرپرسیاریی بەرامبەر دەنگدەران و ئەخلاق بکردایە،  دەبوو خۆیان خۆیان هەڵوەشاندبایەوەو نەبووبان بە  مەهزەلەو کۆیلەی رەزیل و زەلیلی ئەو مووچە حەرامەی وەری دەگرن .

٨. بۆیە سەیر نییە لەو بۆشاییە یە دەستووریی و سیاسیی و ئەخلاقییەدا، هەرەسهێنانی ئەمنیی و چالاکی حیزبی مافیایی شانبەشانی یەک هەڵکشێن. هەر لە کوشتنی زانای قایمقامەوە،  تا کوشتنی خالیدی خولە سوور، تا کوشتنی سەر-پاسەوانی تالەبانی، تا هەولی تیرۆرکردنی بەرێوەبەری نالیا، تا شەهیدکردنی کاوە گەرمیانی و هێرشی تیرۆریستی توندوتیژو فراوانی مافیای حیزب بۆ سەر خەلکی سەیدسادقی قارەمان. لە پاڵ ئەمانەشدا مەرگە ئەنفالییە  بەردەوام و بێدەنگ و بێهەواڵەکانی هەزاران قوربانیی رۆژانەی کوژران و سووتان و سەیارە و سەرەتان.

لە چ ولاتێکدا سەرۆک دەولەت و سەرۆک حکومەت گەر بەراستیی ئەو پۆست وئەرکەیان هەبێت، لەم هەلومەرجانەدا گەر چارەیان پێنەکرێت، خۆیان واز ناهێنن، یان پەرلەمان رایانناکێشێت و وەدەریان نانێت؟  یان  ئۆپۆزسیۆن هەڵناچێت، یان شەقام هەڵنارژێت؟

بەلام ئایا ئەوان بۆ چارەسەری ئەو ئەنفال و تاوانکارییانە حکومەتیان هەیە یان بۆ دروستکردن وبەردەوامکردنیان ؟

 هۆکارن یان چارەسەر؟ دەردی کوشندەن یان دەرمانی ژەهراوی و ئێکسپایەر؟

ئایا ئۆپۆزیسۆن  بۆ خزمەتی  خەلک هەیە یان بۆ خەساندنیان؟ بۆ چاکسازی یان بۆ پۆستبازیی؟

 ئەوەتا بە پێی راپۆرتێکی دەنگی ئەمریکا :

"ڕێبوار کەریم وەلی شیکەرەوەی سیاسی لە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەڵێت هۆکاری دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی نوێ، کار و بەرنامەکانی حکومەتی داهاتوو نییە، بەڵکو دابەشکردنی پۆستەکانە لە نێوان ئەو لایەنانەی کە دەخوازن لە حکومەتدا بەشدار بن."
http://m.dengiamerika.com/a/1824384.html

دەستوور، ئەخلاق ، شەرعییەت ، ژیان و خەمەکانی خەلک، ئاسایش و ئابووریی، کەرکوک و قامیشلی و ئامەد، هد هەمووی بۆتە هەڵپەی پۆست و بەشداریی لە تالانیی و تاوانەکانی رژێمی گەندەل .

وتاریکورد: ئەمە وێنەیەکی تاریکی رەوشەکەیە. هەموو ئەمانە لە چییەوە وا کەڵەکە بوون؟ دەرچوون لەم بارە بە رای تۆ دەکرێ؟ چارەیەک هەیە بەر لەوەی خراپتر بێت؟

د. کەمال: دیارە رەوشەکە لەوەش تاریکترەو بە درۆو دەڵەسەو فرامۆشی و میدیای حیزبیی سەخیف شتەکان شاردراونەوەو چەواشە کراون، راستییەکان بەراوەژوو کراونەوە .

چارە هەمیشە هەبووە، بەلام ئەو هێزەی چارەیان دەوێت نەبوون ، خەلک دیسان گەمژانە هیوای لە سەر گۆڕان هەلچنیی و ئەویش بێویژدانانە بێهیوای کردن .

هۆکاری هەرە سەرەکی ئەوەیە ئێمە قەت سەرۆکیک، حیزبێک، دەسەلاتیکمان نەبووە ئەم خاکە وەک نیشتمان ببینێت و ئینسانی کورد تێیدا وەک هاو-ولاتی خاوەن بەش. لە قسەکەی سەردەشت عوسمان – مان راستگۆ تر نییە: ئەم دەسەلاتەی حیزبیی قەت باکی بە مردنی نەوەکانی نەبووە. قەت باکی بە هەڕاجکردنی ژیان و نیشتمان و سامان نەبووە. بۆیە ئازاری خەلک بە هی خۆی نازانێت، گرفتی خەلک بە دروستکراوی خۆی نازانێت. خۆی لە مەریخی خۆیدا دەژی و خەلک لە دۆزەخی ئەواندا .

گرفتێک دەردەکەوێ لە جیاتی چارەسەر بکرێت لێدەگەرێن ببێ بە دوو، دە. سەد. برینیک ساریژ ناکەن، دە برینی تر دروست دەکەن. لە شیوەنێک نابینەوە دەیان شیوەنی تر دروست دەکەن. لە جیاتی چارەسەری کارەساتی ئەنفال کە دەبوو یەکەم ئەرکی نەتەوەیی وئەخلاقی بێت، چاڵەمەرگەکان و چاڵەبرینەکانی ئەنفال وهەلەبجەیان وەک خۆیان هێشتەوەو ئێستا تەنیا وەک چالەنەوت سەیریان دەکەن، وێرانکاری و کاولکردنی ۴۰۰۰ گوندو شارۆچکەیان وەک سەیرانێکی سەددام دانا، خۆیان بوونە سەددام و

ئەنفالچی و ئیبداعیان کرد لە داهێنانی جۆرەکانی ئەنفالدا. گەندەڵییەک بە سەد گەندەڵی تر دەشارنەوە، تاوانێک بە سەد تاوانی تر چووک دەکەنەوە. فرمێسکەکانمان بۆ سۆران و سەردەشت ویشک نابنەوە گەرمیان و سورکیو کاوەو بریار شەهید دەکەن. بست بە بستی ئەم ولاتە بە دوای نەوت و داگیرکردنی خاک و سامان و ئیسکوپروسکی باوو باپیرانماندا دەگەڕێن تا هەراجییان کەن و میللەتی پێ داگیرکراوو زەلیل کەن نەک نیشتمان و نەتەوەو ئینسانی پێ دروست کەن .

بەرامبەر ئەمەش نە لیپرسینەوە هەیە، نە موحاسەبە ، نە سزا بۆ تاوان، نە راستکردنەوە بۆ لادان، نە سسیتم هەیە ، نە چاودێریی، نە حکومەت، نە دادگا، نە یاساو داد. ولاتیکە کە کێشەیەکی بە دروستکردنی کێشەی تر تێدا چارەسەر دەکرێت، تاوان بە زیادکردنی تاوان، مردن بە گشتییکردنی مردن و هەرزانکردنی ژیان، خیانەت بەتەقدیسکردنی خیانەت .

هیچ لە مانە نەدەبوو گەر لە سەرەتاوە دەستوورمان هەبایە، من لە ١٩٩٢ لە یەکەم گەرانەوەم داوای دەستوورم کرد، داوای ڕیگریم لە مەترسیی 'فاشیزمی کۆمەلایەتی' بۆ سەر ژنان کرد، داوای نەهێشتنی میدیای حیزبیی و دروستکردنی میدیای مەرکەزی حکومەت و میدیای سەربەخۆی رۆشنبیران کرد، داوای دەرکردنی یاسایەکم کرد بە ناوی 'راستیی و ئاشتبوونەوە'، وەک ئەوەی خوارووی ئەفریقا بۆ چارەسەری گرفتە مێژووییەکان و کارەساتی ئەنفال و ئاشتبوونەوەی نەتەوەیی، داوای گواستنەوەی دەسەلات و بریاری سیاسیم کرد 'لە شاخەوە بۆ شار، لە حیزبەوە بۆ حکومەت، لە پاوانەوە بۆ پەرلەمان' ،کە ئەمە ناونیشانی وتارو چاوپێکەوتنێک بوو، و دروستکردنی دامەدەزگاو دامەزراوە نەتەوەییە مەدەنییەکانم کرد. [رەنگە بلێن ئەی بۆ خۆت نەدەهاتیەوەو نەدەمایەوە کار بۆ ئەمانە بکەی؟ لە بەر ئەوەی شەرەپەرۆیان دروست کرد، پەرلەمانیان نایە ژێر پێ، شەری دەسەلات و داگیرکردن وپارەی قاچاغچێتییان دەستپێکرد، ولاتیان لە خیانەت وخوێن و تاوان و برسیتیی و دەربەدەرکردندا غەرق کردو میللەتیان لە نێوان سەوزو زەردا دابەشکرد، تەنیا لە دەرەوە دەکرا بەرامبەر ئەم تاوانانە کار بکەین ]

گەر دەستوور و یاسانامە دەستوورییەکان و جیاکردنەوە دەستوورییەکانی دەسەلاتەکان و دانانی سیستمی چاودێریی دەستووریی و موئەسەساتیمان هەبان، هیچ کام لەم گردە گرفت و کۆمەلە کێشانەی حکومەتکردن دروست نەدەبوون

هەموو ئەمانە بە هەبوونی دەستوور وەک دایکی یاساو موئەسسەتەکان، جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان، دەستنیشانکردنی دەسەلاتەکان و سنوورەکانیان، پێناسەکردنی نێشتمان و هاونیشتمانێتی ، مافی مرۆڤ و پاراستنی ئازادیی و کەرامەت ویەکسانی هاو-ولات بەرامبەر سەروەریی یاسا چارەسەر دەبوون .

وتاریکورد : بەرای تۆ ئۆپۆزسیۆن بە تایبەتی گۆران لەمەدا تاوانبارە؟

د.کەمال: ئەوەی منی یەکجار بێهیوا، یەکجار تووڕە کرد دەربارەی شانۆگەرییەکەی هۆلی سەعد عەبدوڵلا ئەوەیە :

١. ئەوان رایانگەیاند بۆیە لە هەولیر گرد دەبنەوە چونکە پایتەختی نێشتمانیی و حکومەتی نیشتمانی یە . [ ئەمە قەیناکا بابلێین دروستە یان تاکتیکە گرنگ نییە ]

"

. ناونیشانی کۆنگرەکەیان : کۆنگرەی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان " ٢

٣. دروشمەکەیان : " بە نیشتیمانکردنی دامەزراوەکان و حکومەتی هاولاتیی بوو ".

لێرەدا لە هەرسێ بۆچوونەکەی کۆنگرەدا جەخت لە سەر نیشتمان و نیشتمانیبوون و حکومەتی هاونیشتمانانە .

جارێ دروشمەکە زۆر قەبەیە، بۆ حیزبێک دەبێ دەسەلاتی گرتبێتە دەست و بەرنامەو میکانیزمی تەواوی بۆ ئەم مەبەستانە هەبێت. گۆڕان دەسەلاتی نەگرتۆتە دەست، حیزبێکە کەمتر لە چواریەکی کورسییەکانی پەرلەمانیکی شڕو شکلّی و هەزیلی هەیە، بەشداری دەسەلات بکرێت یان نا ، ئەمە لە دەرەوەی ئیرادەی خۆیدایەو تەنیا بە تەوافوق دەبێت، کەوایە دروستتر بوو دروشمەکە ئاوا بووایە :

تێکۆشان بۆ بە نیشتیمانکردنی دامەزراوەکان و حکومەتی هاولاتیی .

لەپێشەوە وتم : گۆرێنی رادیکالی تەنیا بە جیابوونەوە و دابڕانیکی توند لەگەڵ رابردوو دەبێت، ئەمەش دەشێ لە لەحزە ئیمزایەکی شوێن لە سەر کات، یان کات لە سەر شوین بە دی بێت.

گەر گۆڕان ڕاستگۆو دڵسۆز بووایە ڕاستە دەکرا  ئەم لەحزە-شوێنییە یان شوێنە -لەحزە مێژوویی یە لە ناو هۆڵی سەعد عەبدوڵلا تۆمار بکرایە نەک بە دایەلۆگی ئەکتەران دەربارەی شانۆگەری شەش پاکیج بەڵکو بە جەختکردن لە سەر شەش وشە بۆ خاتری یەک وشە بەس:

ئێمە بەشداری دەسەلاتی  بێ [[دەستوور]] ناکەین.

یان باشتر :

بە بێ دەستوور دامەزروەو حکومەتی نیشتمانیی و نیشتمان دروست نابێت.

دەستوور، دەستوور، دەستوور.

کۆنگرەی گۆران  دەبوو ناوی کۆنگرەی دەستوور بایە .

لە جیاتی شانۆگەرییەکی دوو ڕۆژی کۆنترۆڵکراو،  لە یەک هەناسەدا، لە یەک لەحزەدا، لە یەک ڕستەدا دەیتوانی ئەم جیابوونەوەیە لە ڕابردوو، ئەم مامانیکردنە بۆ لە دایکبوونی جیاواز، ئەم خەتوخاڵی سەرەتا نوێیە بنەخشێنێت: ئەویش بە وەلامدانەوەیەکی ئاسایی ڕاستگۆیانەی زانراو بۆ پرسیاری: چۆن؟  چۆن: حکومەت دامەزراوەیی دەکەین؟ چۆن دامەزراوەکان دەکەینە نیشتمانیی؟ چۆن حکومەت لە حکومەتی حیزب و مافیاوە دەبێتە حکومەتی هاولاتی ؟ واتە ئەمە دروشم نەبێت ، بەرنامە بێت و بیرێکی مەرکەزیی ئەو بەرنامەیە و بزوتنەوەکەش لە دەوری ئەم بەرنامەیە بەریوەبەرێت ..

ئەوەی گۆران کردوویەتی بە دروشم: نیشتمانییکردنی دامەزراوەو حکومەتی هاو-وڵات؛ پێناسەیە بۆ میکانیزمێک کە دەستوورە، سەیرە دروشمەکە وەک بانگاشە بەکاربێنێ و میکانیزم و پرینیسپ و پرۆسەکە بشاریتەوە .

لە هەموو وتارە ڕەنگرێژەکەی کاک  نەوشیرواندا بۆ یەکجار بەڵێ تەنیا یەکجار ناوی دەستوور بۆ ولات نەهاتووە .

فەراغی دەستووریی و یاسایی لە وتارەکەیدا  لە فەراغی ەستووریی و یاسایی لە بەربەرستانەکەی هەرێمدا گەلێ زیاترە. [ لە ڕستەیەکدا باسی دەستووری حیزبیی بۆ بزوتنەوەی گۆران دەکات!! ] لە کاتێکدا بەوپەڕی حەماس و خرۆش و جۆشەوە ٥١ جار ناوی گۆڕان ( وەک حیزب ) دێنێت !!

ناشەرعییەت و کەڵگایەتیی ناوەکەی خۆی وەک [ ڕێکخەری گشتیی گۆڕان ] لە ناشەرعییەت و کەڵگایەتیی سەرۆکی هەرێمی ئێکسپایەر زۆر زیاترە .

ئەی گوایە ڕێکەوتنەکەی دەباشان و ئەو خرۆشانە تەلەفزیۆنییەی بە دوایدا هات ڕیکەوتنی مێژوویی ستراتیجی لە سەر هەموارکردنەوەی دەستوور نە بوو؟

نازانم داخۆ دەباشان دیمەنێکی شانۆگەرییەکەی هۆلی سەعد عەبدوڵلا بووە یان نا ؟

داخۆ دەستوور ئیقاعی کۆرسی کۆنفرانسێکیان بووە یان نا ؟

دەستوور یاسای بنچینەیی و دایکی شەرعیی هەموو یاساکانە .

دەستوور باوکی پەرلەمانەو پەرلەمان ىێ دەستوور زۆلێکی بێ ناسنامەو روخسارە .

بە ىێ دەستوور چۆن باسی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان ، نیشتیمانییکردنی دامەزاروەکان، زامنکردنی مافی هاو- ولات و حکومەتی هاو- ولات دەکە ن؟

ئەو گرفتەی بە پاریزگاکردنی هەلەبجەو خۆپیشاندانی سەیدسادق و نارەزایی دەڤەرو ناوچەو شارۆچکەکان هەموو گرفتی قەیرانی نەبوونی دەستوور و پرۆسەو دەسەلات و موئەسسەساتی دەستووریی و یاسایین . گەر سیستمی نانیوەندیی و ئۆتۆنۆمی لۆکالی و بڕیاردان بە ریفراندۆم لە دەستووردا بچەسپێت و بە یاسا جێبەجێ بکرێت ، ئەم کێاسنە قەت روو نادەن . بەلام دەبێ بەغدا هەلەبجە بکاتە پاریزگا !!!

بەلام بەربەرستان ولاتی قەزاو قەدەرو سەرۆکە ئەبەدییە موعجیزەکانە .

یەک بە نیوە-زیندووییش هەر سەرۆکە ، یەک بە ئێکسپایەریش مەفعولی ماوە ، یەک بە بەیعەتی بی بەیعەتیش ئۆتاریتاری تۆتالیتاری دوێنی و ئەمڕۆو سبەینێیەکی نادیارە .

ئایا حکومەتی دەستووریی موئەسسەساتی ىێ دەستوورو سیستم و موئەسسەسات دەبێ ؟

بۆ نا . لە ژوورە تاریکەکانا ، لە نێوان سەرکردە موعجیزەکانا ، هەموو شتێ دەبێت.

لای ئێمە خەڵک سەرکردە دروست ناکەن : جادووگەر دروست دەکەن

ئەو جادووگەرانەی بەرد دەکەن بە زێڕ، زێڕ دەکەن بە ئاو، ڕۆشنبیر دەکەن بە قۆندەرە ، قۆندەرە دەکەن بە وەزیر.

موخابین : دەکرا بە ڕاستیی بە شێوەیەکی تر کاک نەوشیروان موعجیزەیەکی نوێی بۆ ئەم گەلە بەدبەختە تۆمار بکردایە، موژدەی بە هەمووومان بدایە کە لە سەردانەکەی دا بۆ پیرمام ئەو دەستوورەی لەگەڵ خۆی بردووە کە گۆران کاری لە سەر کردووە. وەک پێشتر لەگەڵ مام جەلال ڕێککەوتبوون ، لەگەڵ کاک مەسعودیش ماوەتەوە تا لە سەر هەموو خالەکانی خیلاف ڕێککەوتوون . ئێستا موژدە دەدا نەک بە گۆران - ی حیزب بەلکو بە هەموو نەتەوەی کوردستان کە گۆڕان دەجێتە ناو حکومەتیکەوە دوای ڕیفراندۆم لە سەر دەستوورێکی دیمۆکراتی و دامەزراندنی حکومەتی دەستووریی هەریمی باشووری کوردستان .

موخابن ، جادووگەر، بەربەرستانی نەکرد بە دەستوورستان و لێی تێکەڵ بوو ، خۆشی کرد بە بەرد !

-----------

[چاوەڕوانی بەشی چوارەم بن  کە تەوەری دووەمە دەربارەی قەیرانی یەکێتیی ]